خەونەکانت زۆر مەترسیدارن

بەشی یەکەم

باران هێشتا هەشت ساڵ بوو کە فێری ئەوە بوو خەونەکان هەمیشە بۆ خۆشحاڵکردن نین.

لە گوندێکی بچووک، لە ناوچەیەکی شاخاویی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەدایک بوو؛ گوندێک کە لە ژێر سێبەری چیاکاندا خەوتبوو و بەیانیان دەنگی بەردەوامی با و ئاوی کانییەکان لە دەنگی مرۆڤ زۆرتر بوو.

بەڵام شەڕ، وردە وردە، دەستی کرد بە گۆڕینی دەنگەکانی گوند.

باران لە تەمەنی هەشت ساڵیدا کاریگەرییەکانی شەڕی بە چاوی خۆی بینی. هێشتا نەیدەتوانی تێبگات بۆچی هەندێک پیاو شەوانە بە بێدەنگی دەهاتن و هەندێکی تریان بە چەک و هاوار دەهاتن. نەیدەتوانی تێبگات بۆچی دایک و باوکی هەر کاتێک دەنگی دەرگایەکی لە شەودا دەبیست، لە خەو هەڵدەسان.

ئێوارەیەکی درەنگ، باوکی بانگی کرد.

— باران!

— بەڵێ، باوکە؟

— دەچیتە لای مامەت برایم. لەوێ یارمەتی بدە لە خزمەتکردنی میوانەکان. مامەت میوانی زۆری هەیە.

باران هەستی کرد وشەی «میوان» لەو شەوەدا واتایەکی جیاوازی هەیە.

کاک برایم، مامی باران، دوو ژووری گەورەی میواندارییی هەبوو. هەر یەکێکیان دێتوانی نزیکەی چل کەس لە خۆ بگرێت.

بەڵام یەکێک لەو دوو ژووره دەرچەیەکی نهێنیی هەبوو.

نهێنی.

وشەیەک کە باران لەو شەوەوە دەستی کرد بە ناسین.

لە یەک ژووردا پێشمەرگەکان خۆیان حەشار دابوو؛ لە ژووڕەکەی تردا سەرباز و جەندرمەکانی حکوومەت دانیشتبوون. ئەوان بەدوای ئەو پێشمەرگانەدا دەگەڕان.

ژمارەی جەندرمەکان کەمتر بوو. حەسەن قولی، فەرماندەکەیان، دەیزانی ئەگەر شەڕ دەستی پێ بکات، ئەنجامەکەی بۆ هەموویان قورس دەبێت.

لەبەر ئەوە ڕوویکردە مامە برایم و پێی وت:

— کاکە ئیبراهیم، بەوانەی لەو ژووڕەدان بڵێ: «من منداڵ و خێزانم هەیە، ئێوەش منداڵ و خێزانتان هەیە. بزنێکمان بۆ سەربڕن. نیوەی بدەنە ئەوان و نیوەکەی تریش بدەنە ئێمە. دواتر بە ئاشتی لە یەک جیا دەبینەوە.»

وشەکانی حەسەن قولی، لەو ساتەدا، وەک بەڵێنێک دەنگیان دەدا.

بەڵام هەموو بەڵێنێک کە لە دەمەوەی چەکدارێک دێت، مێژوو زۆرجار بە شێوەیەکی تری دەینووسێت.

جەندرمەکان گەڕانەوە بۆ بنکەکەی خۆیان.

پێشمەرگەکانیش، دوای ئەوەی شەو تاریکتر بوو، بەرەو زنجیرە چیاکانی پشت گوندەکە کە بەقۆتڕ بە ناوبانگە بەڕێکەوتن.

باران ئەو شەوە زۆر پرسیاری لە مێشکیدا بوو.

بەڵام هیچ کەس وەڵامی نەدایەوە.

ڕۆژی دواتر، دووڕەڕێزەکەی گوند پڕ بوو لە دەنگی پێی ئەسپ و ئۆتۆمبێل و چەک.

حەسەن قولی گەڕابووەوە.

ئەمجارە تەنیا نەبوو.

لەگەڵ هێزێکی گەورە و پڕچەک هاتبوو؛ هێزێک کە ژمارەکەی لە سەرووی سێ سەد چەکدار بوو.

کاتێک گەیشتنە ناو گوند، حەسەن قولی هاواری کرد:

— ئێوە هەمووتان خاینن!

گوندەکە ساکت بوو.

— بیبیستم دوێنێ چەتەکان لە گوندەکەدا بوون! خواردن و جلوبەرگتان پێداون!

پاشان دەنگی بەرزتر کرد:

— ئێوە فەرمانڕەوا و محەممەد ڕەزا شا بە گەورەی خۆتان نازانن و خۆشتان ناوێت! ئێستا هەمووتان سزا دەدەم!

پیاوەکانی گوندی لە قوتابخانەکە کۆکردەوە.

قامچییەکی گرتە دەست.

یەک بە یەک سزای دان.

پاشان هەر یەکێکیان ناچار کرد پارەیەکی زۆر بدات.

بەڵام ئەوە کۆتایی نەبوو.

هەموو دانیشتووانی گوندەکەی ڕاپێچە کرد و بەرەو چیاکان ڕەوانەی کرد.

کاتێک گەیشتنە چیاکان، هیچ کەسێکی تریان نەبینی.

هیچ پێشمەرگەیەک.

هیچ چەتەیەک.

هیچ کوژراوێک.

هیچ شتێک.

تەنها خۆیان بوون.

بەڵام حەسەن قولی دەیزانی ئەوەی بۆی گرنگە، ڕاستی نییە؛ وێنەیە.

چەتە و پاسەوانەکانی، مامە برایم و پیاوەکانی تری گوندەکەیان ناچار کرد چەند فیشەکێک بەرەو ئاسمان تەقێنن.

لەو ساتەدا، حەسەن قولی وێنەی گرت.

ڕۆژی دواتر، ڕاستی لە ژووری دەستنووسی ڕۆژنامەکاندا گۆڕدرابوو بە درۆیەکی چاپکراو:

«دانیشتووانی ئازای گوندی سەهولان چەتەکانیان ڕاونان و لە چیای قۆتڕ دەیان کەس لەوانیان کوشت!»

باران هێشتا هەشت ساڵ بوو.

بەڵام ئەو ڕۆژە یەکێک لە گەورەترین وانەکانی ژیانی فێر بوو:

مرۆڤ دەتوانێت بە وێنەیەک درۆیەک بۆ هەموو جیهان بنووسێت.

لەوە بەدواوە، شەوانە میوانانی تریش هاتن.

پێشمەرگەکان زۆرجار لە تاریکیدا دەهاتنە گوندەکە و لە دەرگای ماڵی خێزانی بارانیان دەدا.

دایک و باوکی باران لە خەو هەڵدەسان.

جلوبەرگیان لەبەر دەکرد.

وا دیار بوو پێشتر فێری ئەو ساتانە کرابوون.

کاتێک میوانەکان دەگەیشتنە حەوشەکە، لە دەرەوە بانگیان دەکرد:

— پاڵەوان چی دەڵێت؟

دایک و باوکی باران ئەگەر بیانویستبا ڕێگەیان پێ بدەن بچنە ژوورەوە، وەڵامیان دەدایەوە:

— پاڵەوان ڕازییە.

ئەو دوو وشەیە کلیل بوون.

کلیلی دەرگایەکی نەێنی.

کلیلی ژوورێکی نەێنی.

کلیلی ژیانێکی نەێنی.

لە ماڵە گەورەکەی باران، ژوورێکی تایبەت بۆ ئەو میوانە شەوانە دابین کرابوو.

تەویلەکان و ژووری نووستن لە تەنیشت یەکدی دروست کرابوون. ڕێڕەوێکی تەسک بە تەنیشت ژووری نووستنی دایک و باوکی بارانداا تێدەپەڕی و دەچووە ناو سێ تەویلەی گەورە.

لە کۆتایی یەکێک لە تەویلەکاندا، ڕێڕەوێکی تریش هەبوو؛ تەسک و تاریک، وەک تەنۆکەیەک.

ئەو ڕێڕەوە دەگەیشتە ژوورە نهێنییەکە.

ژوورەکە دەرچەیەکی تری بۆ دەرەوە هەبوو و دەروازەیەکیشی بە ئاوەڕۆیەکەوە وەسڵ بوو.

ئەگەر ڕۆژێک پێویست بوو بڕۆیت، ئەو ڕێڕەوە ڕێگای ڕزگاربوون بوو.

لەوێ، لە تاریکیی شەودا، میوانە نهێنییەکان دەهاتن.

دایک و باوکی باران خواردنیان بۆ لێدەنان.

نانیان بۆ دەبرژاندن.

ئاویان بۆ دەهێنان.

و منداڵەکان هیچان نەدەزانین.

یان وایان دەزانی هیچ نازانن.

چونکە قەدەغە کرابوو بچنە لای میوانەکان.

قەدەغە کرابوو بپرسن ئەوان کێن.

قەدەغە کرابوو بزانن بۆچی لە تاریکیدا دێن.

بەڵام نهێنی، هەرچی زیاتر بشاردرێتەوە، کنجکۆڵی زیاتر دەکات.

باران و خوشک و براکانی بە دزییەوە خۆیان لە ژوورێکی تەنیشت ژووری میوانەکان حەشار دەدا و گوێیان لە دەنگەکان دەگرت.

وشەیەک.

پرچەیەک.

دەنگی پێیەک.

دەنگی کەسێک کە لە خۆی دەپرسی ئەگەر بەیانی بتوانێت بە زیندوویی لەو ماڵە دەرچێت یان نا.

منداڵەکان تەنها پارچە پارچەی قسەکانیان دەبیست.

هیچ کامێکیان نەیدەزانی ئەو وشانە بە یەکەوە چی دەڵێن.

بەیانی، کاتێک منداڵەکان لە خەو هەستان، میوانەکان زۆر لەمێژ بوو ڕۆیشتبوون.

پێش بەرەبەیان، بەرەو پەناگە نهێنییەکەیان لە چیاکاندا بە تایبەت لە چیای قۆتڕ و تەرغە بەڕێکەوتبوون.

باران و خوشک و براکانی هەموویان بە یەکەوە چوون بۆ لای دایک و باوکیان.

— ئەو خەڵکە کێن کە شەو لە ماڵی ئێمە بوون؟

— چیان بۆ گێڕانەوە؟

— بۆچی لە چیاکاندا خۆیان دەشارنەوە؟

— بۆچی هەمیشە کاتێک دێن کە تاریک دەبێت؟

دایک و باوکی باران سەیری یەکتریان کرد.

بێدەنگییەکی قورس لە نێوانیاندا دروست بوو.

پاشان دایکەکە بە ڕوخسارێکی پڕ لە نهێنی وتی:

— کەس لە شەودا لە ماڵی ئێمە نەبوو.

منداڵەکان سەیریان کرد.

— ئەوە تەنها خەونێک بوو کە بینیتان.

پاشان باوکی باران بە دەنگێکی ئارام، بەڵام جددی، زیادیکرد:

— بەڵام باسی ئەم خەونانە بۆ کەس مەکەن.

منداڵەکان ساکت بوون.

دایکەکە وتی:

— ئەمانە خەونگەلێکی زۆر مەترسیدارن.

ساڵان تێپەڕین.

شەڕ بە شێوەیەکی تر گەڕایەوە.

لە ساڵانی ١٩٨٠دا، سەهۆڵان، گوندی زێدی باران وێران کرا و دانیشتووانەکەی ناچار بوون گوندەکەیان بەجێبهێڵن. ماڵەکان بێدەنگ بوون؛ ئەو حەوشانەی پێشتر پڕ بوون لە دەنگی منداڵ، بەتاڵ بوون.

تەنها بەرەو کۆتایی ساڵانی ١٩٩٠ دانیشتووانەکەی گەڕانەوە و دەستیان کرد بە ئاودانکردنەوەی گوند.

بەڵام گوندی باران تەنها یەکێک بوو لە هەزاران گوندی کوردستان کە ئەو چارەنووسەی بەسەردا هات.

گوندەکان دەسووتان.

خەڵکەکان دەڕۆیشتن.

ناوەکان لەسەر نەخشەکان دەسڕانەوە.

دارستانەکان دەسووتان و ژینگەکەش لەگەڵیان بریندار دەبوو.

باران گەورە دەبوو.

ئەو خەونانەی لە هەشت ساڵیدا تێیان نەدەگەیشت، هێواش هێواش واتایان بۆ دەردەکەوت.

تا ئەوەی گەیشتە هەژدە ساڵی.

ئینجا نۆبەتی ئەو بوو.

باران ناچار بوو بەرەو چیاکان ڕابکات.

چیاکان بۆ باران نامۆ نەبوون.

هەر ئەو چیایانە بوون کە لە منداڵییەوە گوێی لە ناویان بوو، چیای قۆتڕ، چیای تەرغە.

هەر ئەو چیگایانە بوون کە شەوانە میوانە نەێنییەکان بەرەو پەناگەکانیان دەڕۆیشتن.

هەر ئەو چیگایانە بوون کە دایک و باوکی دەیانگوت «هیچ کەس لە شەودا لە ماڵی ئێمە نەبوو.»

بەڵام ئەمجارە باران نەک لە دوورەوە، بەڵکو لە ناو ئەو خەونەدا بوو.

لەوێ بوو کە ئەو نەێنییەی ساڵانێک لە پێشدا لە ژوورێکی تاریکدا لە پشت دەرگایەکی نەێنی شاردرابوو، بۆی ئاشکرا بوو.

لەوێ «پاڵەوان»ی ڕاستەقینەی ناسیەوە.

ئەو پیاوەی کە شەوانە دەهات.

ئەو کەسەی دایک و باوکی بە وشەی «پاڵەوان ڕازییە» ڕێگەیان پێ دەدا بچێتە ژوورەوە.

ئەو کەسەی لە منداڵییەوە تەنها سایەیەکی بوو لە پشت پەردەی نەێنی.

ئەو پیاوە، هاوسەری پوری باران بوو.

باران لەو ساتەدا تێگەیشت کە هەموو ئەو خەونانەی منداڵییەکەی درۆ نەبوون.

خەون نەبوون.

یادەوەری بوون.

ڕاستی بوون.

تەنها دایک و باوکی ناچار بووبوون ناویان بنێن «خەون»، چونکە هەندێک ڕاستی بۆ منداڵێکی هەشت ساڵە زۆر گەورەن.

باران ئەو ڕۆژە لە خۆی پرسی:

ئەگەر ئەو شەوانە خەون بوون، بۆچی من هێشتا بۆنی نانی برژاوم لەبیرە؟

بۆچی دەنگی دەرگاکە لە گوێمدا ماوە؟

بۆچی دەنگی ئەو پرسیارە هێشتا لە مێشکمدا دەچرێت؟

«پاڵەوان چی دەڵێت؟»

باران ئێستا وەڵامەکەی دەزانی.

پاڵەوان ڕازی بوو.

و ئەو شەوە، بۆ یەکەمجار، باران تێگەیشت:

هەندێک خەون، خەون نین.

هەندێکیان بیرەوەریکانی ڕاستین کە مرۆڤ، بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵیان بژی، ناویان دەنێت «خەون».

هەندێک خەونیش هەن کە ئەگەر بە دەنگی بەرز باسیان بکەیت، لەوانەیە ژیانی مرۆڤێک بگۆڕن.

بۆیە دایکەکەی ڕاست دەیگوت:

«باسی ئەو خەونانە بۆ کەس مەکەن...

ئەم خەونانە مەترسیدارن »

دریژەی هەیە